# دەرباز یونس : تەنانەت کاتی ئەوەم نیە ئەو بابەتەنای لەسەرم دەنووسرێت بخوێنمەوە

دوای ئەوەی بابەتێکم لەسەر ئەلبومە تازەکەی هونەرمەند ئەژدەر وەهبی لە ماڵپەڕەکان بڵاو کردەوە ، لێرە و لەوێ چەندین کەس بێ بنەما کەوتنە خۆ خەریک کردن بە وەڵامدانەوەی بابەتەکەی من ، لێرەوە من دەست خۆشیان لێ ئەکەم کە توانیان ئازادانە ڕای خۆیان دەربڕن ، بەڵام بە داخەوە من کاتی ئەوەم نیە تەنانەت بابەتەکانیش بخوێنمەوە ، ئەوەی بەرچاوم کەوتن هەر ئەو چەند دێرە بوون کە خوێندنمەوە ئەویش بەستەرەکانیان لە لایەن هاوڕێکانمەوە بۆ دەنێردران ، خوشکێکی بەڕێز باس لەوە دەکات گوایە من کوا 30 شیعرم کراوە بە گۆرانی ؟! ، من نازانم ئەگەر شیعری من بکرێ بە گۆرانی یاخووت نەکرێ چ لە بابەتەکە دەگۆڕی ؟! ئایە تەنیا ئەو کەسانەی کە شیعریان دەکرێ بە گۆرانی ئەوان مافی ئەوەیان هەیە کە ڕەخنە و تێبینی ئاراستەی هونەرمەندەکان بکەن ؟؟؟ بەڕێزێکی تر دەفەرموێ گوایە سێ دی هونەرمەند ئەژدەر وەهبی پڕفرۆشترین سێ دی کۆڕەک موزیکە ؟ لێرەوە بەو بەڕێزە دەڵێم هەرچەند هونەرمەند گەورە بێت سێ دێ یەکەی پڕفرۆشترین سێ دی بێت بەڵام لە هەمان کاتدا شایەنی ڕەخنە و تێبینی دەبێت و خەڵکی بۆیان هەیە ئازادانە ڕای خۆیان دەربڕن ! بەڕێزێکی تر لە لایەک دەفەرموێ گوایە دەرباز یونس کوا شاعیرە ؟ کێ پێی دەڵێ شاعیر ؟ بەڕێزم تۆ ئەوەندە پەرۆشی ئەوەی کە یەکێ بە من بڵێ شاعیر یا نا ؟ دووبارە دەیڵێمەوە هێندە بیرتان تەسک نەبێت و وا بیر بکەنەوە چونکە هەموو کەسێک مافی خۆیەتی کە ڕەخنە بگرێت ، جا چ شاعیر بێت یان قوتابی یاخوت دکتۆر و تەنانەت بەردەستێکیش ، هەڵە نابم ئەگەر بڵێم زۆری ئەوانەی وەڵامیان داومەتەوە تەنانەت لە بابەتەکەشم نەگەشتوون ، من باسی ئەو چەند پارچە هۆنراوەنەم

کردبوو کە لە گۆرانی تر وەرگیرابوون باسی ئەوەم نەکردوو گوایە شاعیرەکان کێن و کێ دەست خۆشی لێ کردوون و کامە شاعیر بە دەقەکانی سەرسامە ، شتەکان ڕوون بوون و من بە بەڵگەوە خستبوومە بەر دەمتان ، هیچی لێک چوونی ووشەیی نەبوو بەڵکو دەقەکە وەک خۆی بەکار هاتبوو ، رونکردنەوەی ئەوەش دەدەم کە من وەک تاکێکی ئاسایی تێبینی زاتی خۆمم ئاراستەی بەرهەمەکەی ئەژدەر کردبوو وەک تاکێکی بە تەنیا ، نەک وەک شاعیر و وەک بێژەر یا هەر شتکێکی تر ، بۆیە پێم خۆشە لە ناوەڕۆک بگەن جا هەوڵ بدەن دەست بدەنە پێنووس !

دەرباز یونس
28.3.2009
هەولێر